بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگاداریەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 13. Sep. 2017 No: (5347)

کارگێڕی: 07504514857 دەزگە: 07504456553 - 07504688380 کەرکووک: 07702196361 سلێمانی: 07501124578 زاخۆ: 07504503475 سۆران: 07504744231
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

سۆران

ئیبینا

کوردستانیان: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی

هەولێر... ئەمڕۆ ئاهەنگێک بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەڕێوە دەچێت

بڕیار وایە ئەمڕۆ چوارشەمە لە پارکی شانەدەر ئاهەنگی سەربەخۆیی کوردستان ساز بکرێت، کە تێیدا چەند گوتارێک پێشکەش دەکرێن و هونەرمەند ئاوات بۆکانیش گۆرانی دەڵێت.

نەجمەدین حەسەن، یەکێک لە ڕێکخەرانی کەرنەڤاڵی نەوەکان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ڕۆژی چوارشەمە لەبەردەم ئۆتێل زەیتونە 20پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و 20پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و 20زیندانیی سیاسی و 20نەوەی نوێ و 20 کەس لە پێکهاتە و نەتەوەکان بە جلی خۆیانەوە ئامادە دەبن، ئامانجیش لەمە ئەوەیە کە لە شۆڕشی ئەیلوولەوە تا ئێستا خەبات بۆ سەربەخۆیی کراوە. ئەوانە بە پیادە دێن بۆ چایخانەی مەچکۆ و دواتر دەچنە بەردەم پارکی شانەدەر. سەعات 5:30 خولەکیش ئاهەنگێک بۆ سەربەخۆیی کوردستان بۆ هونەرمەند ئاوات بۆکانی ساز دەکرێت. نەجمەدین حەسەن گوتیشی: هەر لەو کەرنەڤاڵەدا پارێزگاری هەولێر گوتاری دەبێت و لایەنە سیاسییەکانیش گوتاری خۆیان دەبێت، دواتر کوڕی شەهید هوجام سوورچی، وەکو بنەماڵەی شەهید، گوتەی دەبێت.

دوتمیر

بە گۆرانی (کوردستان) پشتیوانی لە سەربەخۆیی دەکات

خەبات-خەلیل بلەیی:

کچە هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆتمیر گۆرانییەکی نوێی ئامادە کردووە بە ناوی (کوردستان) کە بە بۆنەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کوردستان پێشکەشی هەوادارانی دەکات و لە ڕێگای ئەو گۆرانییە نوێیەوە دەیەوێ بەشداری لە پرۆسەی ریفراندۆمدا بکات.

لەم بارەیەوە دۆتمیر ڕایگەیاند: وەک کچێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دانیشتووی وڵاتی سوید پڕ بە دڵ پشتیوانی خۆم بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دووپات دەکەمەوە، چونکە ئێمەی کوردانی تاراوگە زیاتر هەست بە ئازارەکانی نەبوونی دەوڵەت دەکەین و دەیان ساڵە ئەم ئازارە لە ناخی خۆماندا دەچێژین ، هەروەها ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان خەونی دەیان ساڵەی خەباتی نەپساوەی میللەتی کورد و وەفاداریە بۆ خوێنی شەهید و ئەنفالکراوانی کوردستان و وێرانکردنی شار و گوندەکانی وڵاتەکەمان، من وەک هونەرمەندێک بە پێویستم زانی بە کارێکی هونەری پشتیوانی لەم ریفراندۆمە بکەم، بۆ ئەو مەبەستەش سرووداێکی نوێم تەواو کردووە بە ناوی کوردستان.

دەربارەی سروودەکەش دۆتمیر وتی: تێکستی سروودەکە هی ڕەشۆ عەیشانە، کە هاوڕێیەکی ئێزیدییە، لە ئیستەنبول تۆمارمان کرد، ئەرانجور یەشار یاپشترنیان کە کوردێکی باکووری کوردستانە و کلیپەکەشمان لە سوید تەواو کرد لەلایەن کۆمپانیای ئەجدی موزیک پرۆدەکشن بووەو گروپا کۆما هاڤێن بەشدار بوون، مەبەستی سەرەکیم لەو سروودە جگە لەوەی بە ئەرکێکی نیشتمانی خۆمی دەزانم، هەروەها هاندانی خەڵکە بۆ ئەوەی بە گڕوتینێکی زیاترەوە ڕوو لە سندوقەکانی دەنگدان بکەن و بە (بەڵێ) دەنگ بدەن. لە بارەی هاتنی بۆ کوردستان بەتایبەتی لە ئێستادا کە گەلی کوردستان سەرقاڵی ئاهەنگ و کەرنەڤاڵی سەربەخۆیی و ریفراندۆمە دۆتمیر دەڵێ: من قوتابیم و لەسەر ئەرکی خۆم چەندین سرووت و گۆرانیم پێشکەش بە میللەتەکەی خۆم کردووە کە ئەمەش بۆ من تا ڕادەیەکی زۆر سەختە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش حەزم دەکرد منیش لە کەرنەڤاڵی ریفراندۆم بەشداری بکەم بە دەنگی خۆم لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکانی سەربەخۆییدا بەشداری بکەم و لە نزیکەوە بەشداری لە حەماسەت و جۆش و خرۆشی میللەتەکەم بکەم و بەشداریم هەبێت لەو ڕووەوە، چونکە سەربەخۆیی کوردستان خەونی کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستانە و کورد لە هەر شوێنێکی جیهان بێت تامەزرۆی ئەو ڕۆژەیە لێ بەداخەوە سەرەڕای ئەو ئەرکە زۆرەی کە ئێمە دەیکێشین کەسێک نەبوو لەو ڕووەوە ئاوڕێک لە من و چەندان هونەرمەندی دیکە بداتەوە لە کاتێکدا چەند هونەرمەندی دیکە بانگهێشت کراون بۆ ئاهەنگەکانی ریفراندۆم بێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی تایبەتیان هەبێت بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی.

ڕەشانگ

دڵشاد مستەفا وەسانی
بەکشەمە و چوارشەمە دەبنووسێت

عێراق بەکارێنێن نەک ناوەڕاست و باشووری عێراق

بەزۆر بەعێراقەوە لکێندراین، هەر لە سەرەتاشەوە بەغدای پایتەختی ئەو دەوڵەتە، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کورد بەو ئاراستەیەدا ببات، هەستی عێراقیبوونی لا دروست بێت نەک هەستی کوردستانی بوون، بۆ ئەمەش وێڕای بەکارهێنانی زەبر و زەنگ، لە ڕاگواستن و بە عەرەبکردنی کوردستان و تا بە کۆمەڵکوژی بێسەروشوێن کردنی هەزاران کەس بەناوی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال گەیشت، وشە و دەستەواژەی داتاشراوی بەکارهێناوە.

هەر لە سەرەتاوە مەلیک فەیسەڵ یەکەم مەلیکی عێراق، پێیوابووە بێ ویلایەتی موسڵ کە کوردستان دەگرێتەوە، عێراق وەک مرۆڤێکی بێ سەر وایە، ئەو دیدەی فەیسەڵ تێڕوانینێکی وای لای نەوەکانی دوایی عێراق دروست کرد، بۆ ئەوەی عێراق بژی نابێ بێ سەر بێت، ئەم تێڕوانینە تاڵان و بڕۆ و غەنائیمی لە بیر و هۆشی عەرەبدا ئاودایەوە، بۆیە هەر لەسەرەتای دروست بوونی ئەو دەوڵەتە، بە بەرنامەوە عەرەب و بەرەو کوردستان هەڵکشا و ورده ورده خاکی کوردستان بە عەرەب کرا، لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم، بە هۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەستەواژەی (شمالنا الحبیب) بەکارهێندرا، لە پەنای ئەم دەستەواژەیەدا، دەیویست وا پیشانی جیهان بدات کە شۆڕشەکە جەماوەری نییە، کوردیش هەڵخەڵەتێنێ کە لای بەغدا خۆشەویستە، عەرەبیش هان بدات کە دەهێنێ لەسەر ئەو باکوورە خۆشەویستە خۆی بەکوشت بدات.

دوای 1975یش هەولێری کرد بە ناوەندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و ئەنجوومەنی یاسادانان و ئەنجوومەنی جێبەجێ کردنی تیادا دانا ، بەڵام ئەو دامەزراوانەی ئۆتۆنۆمی لەلایەن خەڵکەوە بە کارتۆنی ناودەبران، چونکە بەغدا ساڵی 1974یەک لایەنە بەیانێکی ڕاگەیاند و لەوەی لەگەڵ شۆڕشی کوردستان لەسەری ڕێککەوت بوو، پەشیمان بۆوە و شەڕی بەسەر کورددا سەپاندەوە، دواتریش هەولێری کرد بە پایتەختی هاوینەی عێراق.

دوای شەڕی یەکەمی جیهان، ساڵی 1921لە هەرسێ ویلایەتی (موسڵ، بەغدا و بەسرە) ی دەوڵەتی عوسمانی، دەوڵەتێک بەناوی عێراق داتاشرا، بۆیە شێوەی ئەو دەوڵەتە نوێیە زیاتر لاکێشەیی هەڵکەوت لە ئاوی کەنداوەوە تا دەگاتە زاخۆ، لەبەرئەوە دەستەواژەی باشوور بۆ ناوچەکانی ویلایەتی بەسرە و ناوەڕاست بۆ ناوچەکانی ویلایەتی بەغدا و باکووریش بۆ ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ بەکارهات، کوردستان (ویلایەتی موسڵ) دوای پێنج ساڵ مشتومڕی نێوان تورکیا و بەریتانیا لە 1926بە عێراقەوە لکێنداراوە.

ڕاستە بەپێی دەستوور هێشتا هەرێمی کوردستان بە شێکە لە عێراق، بەڵام کەی لە عێراق کلتووری قیمەت دانان بۆ دەستوور هەبووە، بەتایبەت لە دوای 2003 کە بە حیساب عێراقێکی جیاواز بوو لە قۆناغەکانی پێشتر، بۆیە پێویستە هەندێ دەستەواژەی سەپێنەراو لە یادگەی خەڵکی کوردستاندا بسڕینەوە، ئەمەش زەحمەت نییە بڕیاری دامەزراوەکان و هیمەتی میدیای دەوێت، چۆن لە 2014 ناوی (کۆبانێ) هاتەوە سەر زمان، داگیرکردنی لەلایەن داعش و بەرگریی خەڵک و چوونی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەوێ، بەکارهێنانی وشەی (کۆبانێ) لە جیاتی (عین العرب) کە ڕژێمی سوریا ناوی لێنا بوو، وای لێهات لە ئاستی جیهان کۆبانێ بەکاربێت، تەنانەت عەرەب کە (عین العرب)یان بەکاردێنا بۆئەوەی بزاندرێ کوێیە لە ناو کەوانەیەکدا دەیاننوسی کۆبانێ. کاتی هاتووە چیدی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەکارنەهێنین، چونکە خۆمان ئیسپاتی دەکەین کە سەری عێراقین، کاتێ دەڵێین ناوەڕاست و باشووری عێراق، دەبێ ئەو دەوڵەتە باکووریشی هەبێت، بەمەش خۆمان هەرێمی کوردستان بە سەری عێراق دادەنێین، بۆیە پێشنیاز دەکەم بڵێین کوردستان و عێراق، نەک کوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراق.

دژوار ئیبراهیم پێشانگاییەک بۆ سەربەخۆیی دەکاتەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی کاریکاتێرست (دژوار ئیبراهیم) بە «خەبات»ی گوت: ڕۆژی چوارشەمە و پێنج شەمە کاتژمێر 6.30 ئێوارە پێشانگایەکی کاریکاتێری لەپارکی شاندەر دەکاتەوە لەژێرناوی (ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان) جێگای باسە ئەم پێشانگایە دەزگای میدیایی باس بۆ هونەرمەندی دەکاتەوە.

نووسەرانی کوردستان بە «بەڵێ» دەنگ بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەدەن

ئا/عەلی بانیشاری

حەسەن جاف:

«زیاتر لە 100 ساڵە پارچە پارچە کراوین و بێ دەوڵەتین، چەندین ساڵە چاوەڕوانی ئەوەین ببینە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئێمە هیچمان لەو میللەتانە کەمتر نییە کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە، بۆیە دەچمە سەر سندوق و دەنگی خۆم دەدەم و بۆ کوردستان و لە کەس ناترسم، بەڵێ بۆ خاک و سەربەخۆیی کوردم، دەنگم "بەڵێ" یە و پەشیمان نابم».

مەشخەڵ کەوڵۆسی:

بەخوێن و دڵ بە ڕۆح و گیان بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، پێویستە هەموو کورد شانازی بەم گۆڕانکارییەوە بکات کە پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەتی هێناوەتە کایەوە، هەنگاوێکی گرنگی سەربەخۆیی، سیمایەکی زۆر گرنگی دەوڵەتداری، ئێستا لە قۆناغی تەوابووندایە، لە ڕووخانی دەوڵەت مادەوە تا شەڕی چاڵدێران. یەکەمجارە کورد بەشکێوەیەکی زۆر گەورەوە بەهێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بڵێت: نەک هەر کاتییەتی، بەڵکو سەربەخۆییش دواکەوتووە.

ئارام بامۆکی:

«مرۆڤی ژیر و خاوەن ویژدان و کەرامەت بۆ چارەنووسی خۆیی و نەتەوەکەی، دەبێت هەمیشە پێشەنگ و دەست لەسەر سنگ بێت بۆ گەیشتن بە ئاواتە پیرۆزەکانی میللەتەکەی، هەر هیچ نەبێت خۆ دەرو دراوسێ و ناحەز و دوژمن بە دایک و باوک و زمان و ئایین و مەزهەب و ئەخلاق و قییەم و مێژووی کورد پێیان ناخۆشە کوردیش خاوەنی خۆی بێت، بادەنگدان بەبەڵێ تەنها لەبەر پووچەڵکردنەوەی خەونی گڵاوی ناحەزانی کورد بێت».